www.kurdistannet.org
11-11-2005 17:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## عاشقێکی سەر هە ڵگرتوو ... حەمەکاکەڕەش

عاشقێکی سەرهە ڵگرتووی سەفەرێکی پەشیمانم
هۆ گوڵێ خان بۆ تۆبگریم یان بۆ دووری نیشتمانم
من کێم هە بوو لەتۆ زیاتر هە ناسەو چرپەی دڵم بێ
لەتۆ زیاترکێ عاسمان و ئەستێرەو مانگ وگوڵم بێ
لەدنیای جوانی وخەیاڵدا تۆ دەریای ئەوینی منی
ئای کەئێستا هە راسانم وەک نیشتمانم لێم ونی
ئاخرچۆن هە راسان نەبم تۆ گەڵای سەوزی باخم بووی
ئێوارانی پڕلەژووان و ژوانی تەڕی ناخم بووی
ئەوا کلوی بەفری غوربەت دەمبا بەرەو دنیای گۆڕێ
بێ نیشتمان و تۆ بمرم جێم چۆڵ ئەبێ لەگشت کۆڕێ
ئاخۆبلێی جارێکی ترنەمرم بگەم بەدڵی تۆ
سەربنێم بەسینەتەوە مەستبم بەبۆ نی گوڵی تۆ

تێبینی. ئەمهۆنراوەیە هونەرمەند ئەژدەر وهبی چڕیوێتی